# چەند وشەیەك لەپەراوێزی كێشەكانی ناو ڕێكخراوی چاك دا
# لەنێوان چاك بی و چاكی كۆن بڕوا بەكامتان بكەین؟

**كەمال ڕەئوف**

پتر لە چەند ساڵە هەموان بە تامەزرۆیی و چاودێرییەكی زۆرەوە لەهەنگاو چالاكییە بوێرییەكانی ڕێكخراوی چاك دەڕوانین , چاك ڕێكخراوەیەكەی ناحیزبی و مودێرینی كوردیە بەو چەند كارو چالاكیانەی لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا ئەنجامی داوە خەریكە دەبێتە ناوەندێك كە نەك هەر سەرنجی خەڵكی دانیشتوانی ناوەوە و دەرەوەی كورد بۆلای خۆی ڕاكێشێت, بگرە خەریكە دەبێتە ڕێكخراوەیەكی سەرتا سەری و نێودەوڵەتی وا كە بیانیەكانیش حسابی لەسەر بكەن, زۆرمان نەوتووە گەر بڵێین ئەگەر هات و ئەم ڕێكخراوەیە بیتوانیایە تەمەن درێژی و خۆراگری و یەكپارچەیی ڕێكخراوەیی خۆی ڕاگرتایە ئەوا لە دەرەوە و ناوەوە لەلای ڕێكخراوە مرۆدۆستەكانەوە زیاتر لە پارتە كوردیەكان حسابی بۆدەكراو لەئایندەشدا دەتوانرا بكرایەتە پردێك بۆ بەیەكەوە بەستەنەوەی خەباتی سەرتاسەری و گرێدانی هێزو تواناكانی خەڵكی كورد لەهەموو پارچەكانی كوردستان, زۆرمان نەوتوە گەر بلێین گەر بهاتایەو ئەم ڕێكخراوەیە نمونەیەكی دی لە شێوازی كاركردنی حیزبە تەقلیدیەكانی كوردستان نیشان بدایە, ئەوا بێ سێو و دوو دەبوە نمونەیەكی بەرچاوی بۆ شكاندنی تەقلیدیەت و كۆنەپاریزی حیزبەكان و توردانی بەرژەوەندی چێتی خود و دەیتوانی بەم شێوازەش چاكەیەكی تریشی لەگەڵ خەڵكی كورد بكردایە, بەڵام بەداخەوە لەوە دەچێت ئەمانیش ئیستا بیانەوێت بەهەمان تەقلیدو بەهەمان میتۆدی حیزبەكان كاربكەن و كێشەكانی ناوخۆی خۆیان چارەسەر بكەن, بۆیە ئێمە ئێستا سەرباری ئەوەی كە خەمی ئەوەمانە كە ڕێكخراوێكی باش و كارای وەك چاك لەدەست بدەین و بەچەند پارچەیی بیبینینەوە , لەهەمان كاتیشدا خەمی ئەوەمانە كە دیسانەوە ئەوانیش نمونەیەكی تری خراپی بەیەكەوە كاركردن و حیزبیانەی كوردی لەسەر ئاستی ڕێكخراوەیەكی ناحیزبیش نیشان بدەن, كە ئەمەش لە ئاكامدا دەكاتە ئەوەی ئەوكاتە ڕێكخراوی چاك و ئەندامەكانی لەباتی ئەوەی كە شانازی بە كاری باش و تەندروستی ئیستاوە بكەن و خۆئامادەكەن بۆ كاری ئایندە, دەبێت وەك حیزبەكان هەمیشە خولیاو خەرقی باسكردن و گیرانەوەی بەسەرهات ڕووداوە كۆنەكانی خۆیان بن.